## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستان – عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە
## بڕیار
## ژمارە ( ٢٨ ) ساڵی ٢٠١١

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوەو ، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لەدانیشتنی ژمارە (٤) لە ٢٠١١/١٠/٣ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

## یاسای ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠١١
## یاسای جێبەجێ کردنی یاسای ڕاژەو خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆی عێراق
## ژمارە ( ١٨ )ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان

**ماددەی یەکەم :**

جێبەجێکردنی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆی عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان – عێراق و کارکردن بە حوکمەکانی .

**ماددەی دووەم :**

دامەزراوە و فەرمانگەکانی هەرێم و خاوەن پلە و پایەکانیان شوێنی دامەزراوە و فەرمانگەکانی فیدراڵ و خاوەن پلە و پایەکانیان دەگرنەوە لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبن .

**ماددەی سێیەم :**

حوکمەکانی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ ، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان – عێراقیش دەگرێتەوە بە چاوپۆشی لەو لایەنەی کە پێوەی لکێنراوە .

**ماددەی چوارەم :**

جێبەجێ كردنی ماددەی (٥٧) لە یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای راژە و خانەنشینی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق) هەمواردەكرێت و ئەمەی خوارەوە لە هەرێمی كوردستان – عێراق جێی دەگرێتەوە :

(حوكمەكانی ئەم یاسایە ئەو كەسانەش لە هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ دەگرێتەوە كە پـاش ١٩٩١/١٠/٢٣ شـەهید كراون ، ئەمەش بۆ مەبەستی مووچەی خانەنشینیەكەی و پاداشتی شەهیدبوونی لەسەر بنەمای مووچەی پلەكەی بە دوو پلە بەرزتر دەژمێردرێت) .

**ماددەی پێنجەم :**

لەسەر هەردوو وەزیری ناوخۆ و دارایی و ئابووری پێویستە رێنمایی هاوبەش بۆ جێبەجێ كردنـی حوكمـەكانی ئـەم یاسایە دەربكەن .

**ماددەی شەشەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەن پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن .

**ماددەی حەوتەم :**

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بن .

**ماددەی هەشتەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێت .

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان – عێراق**

**هـــــەولـــێر :**

١٩/تشرینی یەكەم/٢٠١١ی زایینی .
٢٧/رەزبـــــــــەر/٢٧١١ی كوردی .
٢١/ذوالـقـعـــــده/١٤٣٢ی كۆچی .

## ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق

## یاسا دەرچووەکان

بەناوی گەل

سەرۆکایەتی کۆمار

بنیاد لەسەر ئەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران بەپێی حوکمەکانی بەندی (یەکەم) لە ماددەی ( ٦١ ) و بەندی (سێیەم) لە ماددەی ( ٧٣ )ی دەستوور بڕیاری لێ داوە، سەرۆکی کۆمار لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٨/٧ بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا.

### ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١

### یاسای خزمەت و خانەنشین بۆ هێزەکانی ناوخۆ

### بەشی یەکەم: پێناسەکان و ئامانجەکان و مەبەست لەم گوزارشتانە ئەوە بۆ هەموو پێداویستیەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی ١ :**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ئەم مانایانەیە کە لە بەرامبەر هەر یەکێکیان هاتووە.

یەکەم : وەزارەت : وەزارەتی ناوخۆ

دووەم : وەزیر : وەزیری ناوخۆ

سێ یەم : هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ :پۆلیسی ناوخۆ و پۆلیسی سنوور و بەرگری شارستانی و پۆلیسی هاتوچۆ و پۆلیسی فیدراڵی و پۆلیسی پاسەوانی تر پەیوەست بە وەزارەت.

چوارەم: ئەفسەر: پیاوی پۆلیس لە پلەی ملازم بۆ سەرەوە.

پێنجەم: ئەفسەری تایبەتمەند: ئەو ئەفسەرەیە کە بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی هەڵگرتووە یان بڕوانامەی باڵای لە تایبەتمەندی زانستی یان مرۆڤایەتی هەیە کە باوەڕ پێکراوە بە فەرمی و کار لە تایبەتمەندییەکەی خۆی دەکات لە هێزەکانی ناوخۆ.

شەشەم: پیاوی پۆلیس : یەکێکە لە تاکەکانی هێزەکانی ناوخۆ (پیاو بێت یان ژن) ئەگەر ئەفسەر بێت یان ڕێپیدراو یان ئەفسەری پۆل یان پۆلیس یان قوتابی بێ لە پەیمانگا یان کۆلێژ یان یەکێك لە قوتابخانەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ناوخۆ پێناسە دەکرێ بە پۆلیس، ئەگەر لەم یاسایەدا هیچ دەقێك بەپێچەوانەی ئەوەوە نەهاتبێت هیچ ناوەرۆکێکی نیە جیاوازی لەگەڵ ئەوە.

حەوتەم: کارمەند: ڕێپێدراو و ئەفسەری پۆل و پۆلیس .

هەشتەم: ڕێپێدراو: ئەوانەی لە پلەی هەشت تاکو پلەی یەکن.

نۆیەم: ئەفسەری پۆل: ئەوەی کە لە پلەی پۆلیسی یەکەم تا یان سەرۆکی پیادەی [٤] .

دەیەم: پۆلیس: پیاوی پۆلیس کە پلەی لە ئەفسەری پۆل نزمترە .

یازدە: هونەری: پیاوی پۆلیسە کە ممارەسەی پیشەیەك یان تایبەتمەندیەك دەکات لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ .

دوازدە: خزمەت: ماوەی خزمەتی پیاوی پۆلیس لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ .

سیازدە: مووچە: دوا مووچەی بنەڕەتی مانگانەیە لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێ دەرماڵە.

چوادە: مووچەی گشتی: بریتییە لە مووچەی بنەڕەتی لەگەڵ دەرماڵە.

پازدە: نیوەی مووچە :نیوەی موچەی گشتی.

شازدە: شەهید:پیاوی پۆلیسە کە لە کاتی بەشداریکردن لە جەنگ یان جولە کردارییەکان یان پێکدادانەکان یان لە ڕووداوەکانی تیرۆر یان تێکدان دەکوژرێ یان بەهۆی هەریەك لەمانە شەهید دەبێ.

حەڤدەم: بریندار: پیاوی پۆلیسە کە بریندار دەبێ یان تووشی روداوێك یان نەخۆشیەك دەبێ لەکاتی بەشداری کردنی لە جەنگ یان جولە کردارییەکان رووبەرووبونەوەکان یان لە ڕوداوەکانی تیرۆر و تێکدان یان هەریەك لەمانە شەهید دەبێت.

هەژدەم: بزربوو: پیاوی پۆلیسە کە بزردەبێ یان دەڕفێنرێت لە کاتی  خزمەتکردنی یان لە کاتی هەڵسانی بە ئەرکەکانی یان بەهۆی ئەوانەوە چارەنوسی دیار نامێنێت.

نۆزدەم:  دەستگیرکراو: پیاوی پۆلیسە کە لە لایەن هێزی دوژمن یان هەرلایەنێکی تر لەکاتی هەڵسانی بە ئەرکەکانی یان بەهۆی ئەوەوە دەستگیر دەکرێ.

بیستەم: خانەنشین: پیاوی پۆلیسە کە خانەنشین دەکرێ بەرامبەر خزمەتەکەی شایەنی موچەی خانەنشینن یان پاداشتی خانەنشین .

بیست و یەکەم: خزمەتی خانەنشینی: ئەو خزمەتەیە بە پێی یاسا بۆ خانەنشین ئەژمار دەکرێ.

**بیست و دووەم: مافەکانی خانەنشین: هەموو ئەو مافانەیە کە پیاوی پۆلیس یان سەرووتر شایەنیەتی لە کاتی خانەنشینی یان لە کاتی مردنی بەپێی ئەم یاسایە .**

**بیست و سێ یەم: پاداشتی خانەنشینی: ئەو پاداشتە کە دەدرێ بە پیاوی پۆلیس دوای خانەنشین کردنی کاتێك هیچ موچەیەکی خانەنشینی نایگرێتەوە.**

**بیست و چوارەم: مووچەی خانەنشینی مووچەی مانگانەیە کە خانەنشین شایستەیەتی.**

**بیست و پێنجەم: کەسی شایەن، ئەوەی کە شایەنی مافەکانی خانەشینییە لە وەرگرەکان بەپێی بڕگەکانی ئەم یاسایە.**

**بیست و شەشەم: وەرگر: تاکەکانی خێزانی ئەو پیاوەی پۆلیسە کە خانەنشین کراوە لە دوای وەفاتی دەمێننەوە بەپێی ئەوەی لەم یاسایە دیاریکراوە.**

**بیست و حەوتەم: بڕی خانەنشینی، بڕی مانگانەیەکە کە دەدرێتە کەسی شایەن لە مووچەی خانەنشینی.**

**بیست و هەشتەم: لێژنەی پزیشکی، لێژنەی پزیشکی پێکهاتوو لە دەزگاکانی تەندروستیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.**

**بیست و نۆیەم: راپۆرتی پزیشکی، ئەو راپۆرتەیە کە لێژنەی پزیشکی دەری دەکا.**

**سییەم: پەککەوتنی تەواو یان بەشێك لە کاری پیاوی پۆلیسی نەخۆش یان بریندار تووشی دەبێ دوای چاکبوونەوەی یان لە کاتی تووشبوونی بێ هیوابوون لە چاکبوونەوەی کە بڕیاری لەسەر دەدرێ و رێژەی دیاری دەکرێ بەپێی دەستنووسێکی تایبەت کە دەردەچێ بەپێی ئەم یاسایە.**

سی و یەکەم: پێشخستنی نایاب، پێشخستنی پیاوی پۆلیس لە کاتی هەستانی بە کارێکی پاڵەوانانە و ئازایەتییەکی دیار یان قوربانیدان یان رووبەڕووبوونەوەی ترسناکی جەستەیی یان ئەنجامدانی لێهاتوویەکی کەم وێنە یان قوربانیدان کاری خۆی یان لەخزمەتکردنی وڵات.

**ماددەی ٢ :**

ئەم یاسایە ئامانجی رێکخستنی دامەزراندنی پیاوی پۆلیس و خزمەت و بەرزکردنەوەی و سەرفکردنی مووچەی گشتی و خانەنشینکردنی یان دەست لەکارکێشانەوەی و دابینکردنی مافەکانی خانەنشینی و دەرماڵە شایستە و بێبەشبوون لێی و رێزلێنانی حاڵەتەکانی قوربانی و برینداربوون و شەهید بوون بەپێی خزمەتکردنی یان بەهۆیەوە.

**ماددەی ٣ :**

ئەم یاسایە ئەو پیاوانەی پۆلیسیش دەگرێتەوە کە پاش ٢٠٠٣/٤/٥ گرێبەستیان لەگەڵ کراوە، هەروەها شەهید و بریندارانیش دەگرێتەوە.

## بەشی دووەم

## خزمەتی ئەفسەر

**ماددەی ٤ :**

یەکەم/ ئەفسەر لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دادەمەزرێ و پلە و مووچەی پێ دەدرێ و بەرزدەکرێتەوە و خانەشین دەکرێ و دەگەڕێتەوە بۆ خزمەت بە پێشنیاری وەزیر و بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران.

دووەم/ ئەفسەر پێش ئەوەی دەستبەکار بێ بەم شێوەیە بەرامبەر وەزیر سوێند دەخوات:

(سوێند بەخوای گەورە کە پارێزگاری لە دەستووری کۆماری دیموکراتی یەکگرتوو دەکەم و ڕێزی دەستوور و یاسا دەگرم و چاودێری ئاسایشی وڵات دەکەم و ئەرکەکەم بەراستگۆیی جێبەجێ دەکەم و خوا شاهیدە لەسەر ئەوەی دەیڵێم)

**ماددەی پێنجەم :**

ئەوەی دەبێتە ئەفسەر دەبێ ئەو مەرجانەی هەبێ:

یەکەم/ عێراقی بێ و لە دایك و باوکێکی عێراقی بێت و لە دایکبووی عێراق بێ.

دووەم/ (١٩سالّ) تەمەنی تەواو کردبێ لە ٢٥ ساڵی تەمەنی گەورەتر نەبێ و بۆ کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە (٢٧) سالّ زیاتر نەبێ.

سێیەم/ ڕەوشتی چاك و ناوبانگی باشی هەبێت و هیچ گومانێکی لەسەر نەبێ بۆ ڕاستگۆیی و ئینتمای بۆ وڵات و خەڵکەکەی.

چوارەم/ دەرچووی یەکێك لەمانە بێت:

أ – کۆلیژەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە عێراق.

ب – کۆلیژەکانی عەرەبی یان بیانیی هاوشێوە و باوەڕپێکراو بێ لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەسەر بنەمای مامەڵەی هاوتایی لەگەڵ یەکتر.

ج – ئەو خولە تایبەتیانەی کە وەزارەت دەیکاتەوە بۆ ڕێپێدراوەکانی کە هەڵگری بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی یان بڕوانامەی ئامادەیی پۆلیس یان پەیمانگای پێگەیاندنی ڕێپێدراوان.

د – ئەو کۆلیژانەی کە ماوەی خوێندنیان لە ( ٤ ) ساڵ کەمتر نەبێت، ئەگەر وەزارەت پێویستی بەو تایبەتمەندیانەی زانستی و مرۆییانە هەبێ، دوای تەواوبوونی خولێکی پێگەیاندن کە ماوەی خوێندنی (١) ساڵ بێ.

پێنجەم/ کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی خوێندنن و لە بەشی (د) لە بەندی (٤) ئەو ماددەیە باسیان لێوە کراوە خولەکانی پێگەیاندن دەیانگرێتەوە.

شەشەم/ تەواوی مەرجی جەستەیی و لەشساغی تێدا بێت.

حەوتەم/ حوکم نەدرابێ بە تاوانێکی سیاسی یان تاوانی شەرەف یان تاوانێکی تیرۆرستی یان ئەو تاوانانەی کە کاریگەری لەسەر ئاسایشی دەوڵەت (ناوەخۆ و دەرەوە) هەبێت.

**ماددەی ٦ :**

یەکەم/ دەرچووی یەکێك لەم کۆلیژانەی کە ناوی نەهاتووە لە بەندی ( ٤ ) لە ماددەی ( ٥ ) لەم یاسایە پلەی ملازم وەردەگرێت لە یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

أ – ئەگەر ماوەی خوێندن تیایدا لە (٤) ساڵ کەمتر نەبێ.

ب – ئەگەر لە یەکێك لە کۆلیژەکانی پزیشکی مرۆیی دەرچووبێ دوو ساڵ پێشخستنی بۆ دەکرێ ، بەڵام ئەگەر لە کۆلیژی پزیشکی بەیتەری یان لە یەکێك لە کۆلیژەکانی ئەندازیاری کە ماوەی خوێندنی ( ٤ ) ساڵ زیاتر بێت دەرچووبێت، پێشخستنی بۆ ماوەی ( ١ ) ساڵ بۆ دەکرێت بۆ پێداویستی سەرمووچە و بەرزکردنەوە و خانەنشی بەمەرجێك لە بواری تایبەتمەندیی خۆیدا کار بکات.

ب – حوكمی یاسا و سیستمە تایبەتیەكان لەسەر هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ جێبەجێ دەكرێ لە كاتی ئامادەبوونی قوتابیان لە خولەكە، قوتابی لەم كاتەدا وەك پۆلیس ئەژمار دەكرێت.

دووەم/ ئەگەر ئەوەی بەندی (یەكەم) دەیگرێتەوە بڕوانامەی ماستەر یان هاوتاكەی لە تایبەتمەندی زانستی و مرۆیی باوەڕپێكراو وەربگرێت، پێشخستنی بۆ ماوەی ساڵێك و ئەگەر بڕوانامەی دكتۆراشی وەرگرت یان هاوتاكەی لەو تایبەتمەندییانەی ناویان هاتووە پێشخستنی (٢) ساڵیان پێ دەدرێت بەمەبەستی سەرمووچە و بەرزكردنەوە و خانەنشینی

سێیەم/ كارمەندی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ هەڵگری بڕوانامەی زانكۆیی پلەی ملازمی پێ دەدرێت.

چوارەم/ پلە و پێشخستنی هاتوو لە بەندی (یەكەم) و (دووەم) و (سێیەم) لەم ماددەیە دوای تەواوكردنی خولی شیاندنی هاتوو لە بڕگەی (د) لە بەندی (چوارەم) لە ماددەی (٥)ی ئەم یاسایە و بەپێی ڕێنماییەك كە وەزیر دەری دەكات، دەدرێت.

**ماددەی ٧:**

یەكەم/ هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر لە بوارەكانی زانستی و مرۆڤایەتی پلەی ملازمی یەكی پێ دەدرێ، هەڵگری بڕوانامەی دكتۆرا لە بوارەكانی زانستی و مرۆڤایەتی پلەی نەقیبی پێ دەدرێت بەبێ پەیوەست بوون بە بڕیارەكانی ئەم یاسایە.

دووەم/ حوكمی بەندی (یەكەم)ی ئەم ماددەیە بۆ ئەوانەی دەیانگرێتەوە ئەگەر خزمەتیان لە هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ لە ١٠ ساڵ كەمتر نەبێت بۆ مەبەستی خانەنشینی بەكار دەهێنرێت.

سێیەم/ دەبێت خولی شیاندن كە لە (٩) مانگ كەمتر نەبێ تەواو بكا.

**ماددەی ٨:**

یەکەم/ پیاوی پۆلیس لەو رۆژەی کە بڕیاری دامەزراندنی دەردەچێ شایەنی پلەیەتی و لەو رۆژەی دەست بەکار دەبێ شایەنی مووچەیەتی.

دووەم/ مووچە و سەرمووچەی ساڵانەی پیاوی پۆلیس دیاری دەکرێت بەپێی خشتەی پلەکان و پایەکان و مووچەی سەربازی کە پاڵپشت بە حوکمەکانی یاسای خزمەت و خانەنشینی سەربازی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ دەرچووە یان هەر یاسایەك کە شوێنی بگرێتەوە.

ب – یەکسانی رەچاو دەکرێت لە نێوان پیاوی پۆلیس و سەرباز لەرووی مووچە و جیاوکەکانی لە کاتی جێبەجێکردنی حوکمەکانی بڕگەی ( ٩ ) لە بەندی (دووەم) لەو ماددەیە یان هەر راستکردنەوەیەك کە لەسەری بکرێت.

سێیەم/ سەرمووچەی ساڵانە بەپیاوی پۆلیس دەدرێ دوای تەواوکردنی یەك ساڵ لە خزمەتکردنی کردەیی و لەسەر پێشنیاری سەرۆکی راستەوخۆی.

چوارەم/ ئەگەر بەرزکردنەوەی پیاوی پۆلیس بۆ پلەیەکی بەرزتر دواکەوت یان بەپێدانی سەرمووچەی ساڵانەی مووچەکەی گەیشتە بەرزترین ئاستی پایەکەی، دەکرێ سەرمووچەی ساڵانەی پلەیەکی بەرزتر لە پلەی خۆی وەربگرێ بەپێی یاسا.

**ماددەی ٩:**

پایەی ئەفسەران و ماوەی بەرزکردنەوەیان بەم شێوەیە دەبێت:

| پایە | ماوەی بەرزکردنەوە |
|---|---|
| ملازم – ملازمی یەك | (٣) ساڵ |

| | |
|---|---|
| ملازمی یەك — نەقیب | (٣) ساڵ |
| نەقیب — رائید | (٤) ساڵ |
| رائید — موقەددەم | (٤) ساڵ |
| موقەددەم — عەقید | (٤) ساڵ |
| عەقید — عەمید | (٤) ساڵ |
| عەمید — لیوا | (٦) ساڵ |
| لیوا — فەریق | (٦) ساڵ |

**ماددەی ١٠:**

بۆ بەرزکردنەوەی ئەفسەران لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی بەرزتر ئەو مەرجانەی پێویستن:

یەکەم/ دەبێ ماوەی دیاریکراوەی لە ماددەی (٩)ی ئەو یاسایە تەواوکردبێ لە پلەی خۆی.

دووەم/ دەبێت بەپێی ئەو پێوەرە دیاریکراوانەی رێنمایی و پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەت دەری دەکات کەسێکی دڵسۆز و لێهاتوو بێت.

سێیەم/ لە تاقیکردنەوەی بەرزکردنەوەی تایبەت بەپلەکەی دەرچووبێت کە تا پلەی (رائد) دەگرێتەوە.

چوارەم/ لە پلەی (عەمید) بەرەو سەرەوە پۆستی بەتاڵ هەبێت بۆ پلەکەی.

**ماددەی ١١:**

یەکەم/ نابێ ئەو ئەفسەرانەی کە هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی یان قوتابخانەی ئامادەیی پۆلیس یان پەیمانگای پێگەیاندنی رێپێدراوی پۆلیس بن پلەیان لە پلەی عمید زیاتر بەرزبکرێتەوە.

دووەم/ ئەوانەی کە بەندی (یەکەم) دەیانگرێتەوە، دەکرێ بۆ پلەی لیوا بەرز بکرێنەوە کاتێك دەبن بە هەڵگری بڕوانامەی کۆلیژ کە باوەڕ پێکراوبێ.

**ماددەی ١٢:**

پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران تەنیا لە ( ٩ )ی کانووی دووەم و ( ١٤ )ی تەمووزی هەر ساڵێك دەبێت و لە هیچ رێکەوتێکی تر ناکرێ لەبەر هەر هۆکارێك بێ.

**ماددەی ١٣:**

یەکەم/ بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە لەسەر پێشنیاری وەزیر پلە بەرزکردنەوە بکات بۆ ئەفسەران بۆ یەك پلەی سەرووی خۆی، ئەم پلە بەرزکردنەوەش بۆ لە ماوەی هەموو خزمەتکردنی ئەو ئەفسەرە یەکجار دەکرێ، یان پێدانی بەرزکردنەوەیەکی نایاب بۆ ماوەیەك سەرکەوتوو لە (٢) ساڵ زیاتر نەبێ لە یەکێك لەم حاڵەتانە:

أ – ئەگەر کارێکی پاڵەوانانەی ئەنجام دا کە شانازیی بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەدەست هێنا یان مەترسییەکی گەورەی نەهێشت.

ب– ئەگەر لێهاتوویەکی دەگمەنی سەپاند یان سەرکەوتنی زانستیی هەستپێکراوی بەدەست هێنا یان فیداکارانە کاری کرد بۆ بەجێهێنانی ئەرك و خزمەتی وڵات.

دووەم/ وەزیر بۆی هەیە پێشخستنێك كە لە ( ٦ ) مانگ زیاتر نەبێت بداتە پیاوی پۆلیس لە هەر پلەیەكدابێت لە كاتی هەبوونی یەكێك یان هەردوو حاڵەتی لە بڕگەی (أ) و (ب)ی بەندی (یەكەم) لەم ماددەیەدا هاتووە.

سێیەم/ وەزیر بۆی هەیە پێشخستنێكی نایاب كە هێندەی ماوەی خولەكە بێت بداتە ئەو ئەفسەرەی لە خولی تایبەتی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ بە تێكڕای كەمتر نەبێت لە ( ٨٠٪) دەر بچێت.

چوارەم/ پێشخستنی نایاب كە لە بەندەكانی (یەكەم) و (دووەم) و (سێیەم)ی ئەم ماددەیە هاتووە بۆ ماوەی دیاریكراوی پلە بەرزكردنەوە ئەژمار دەكرێت و ئەگەر سوودیشی لێ وەرنەگرێت بۆ پلەی دواتر دەچێت.

پێنجەم/ وەزیر بۆی هەیە (٣) مانگ بخاتە سەر ماوەی لانی كەمی پێویست بۆ پلە بەرزكردنەوە.

**ماددەی ١٤ :**

بەدەر لە یاساكانی بەندی (چوارەم) لە ماددەی (١٣)ی ئەم یاسایە سوپاس و پێزانین كە لەلایەن سەرۆكی كۆمار یان سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ پیاوی پۆلیس پێشخستنی ( ٦ ) مانگی بۆ دەژمێردرێت.

**ماددەی ١٥ :**

ئەفسەری تایبەتمەند (یەك) ساڵ پێشخستنی بۆ دەژمێردرێ كاتێك بڕوانامەی ماستەر بەدەست دێنێ و (٢) ساڵ پێشخستنی بۆ دەژمێردرێ كاتێك بڕوانامەی دكتۆرا بەدەست دێنێ.

**ماددەی ١٦ :**

یەکەم/ وەزیر بۆی هەیە ئەفسەر بخاتە لیستی نیومووچەکان پاڵپشت بەم راپۆرتانەی کە دەربارەی ئەو بەرزکراوەتەوە لەفەرماندەکانییەوە بە ریزبەندی لە یەکێ     ك لەم دوو حاڵەتەی خوارەوە.

أ – نەبوونی لێهاتوویی.

ب – پابەندبوون بە رەوشت و رێکوپێکی خزمەت.

دووەم/ نابێت ئەفسەر زیاتر لە ساڵێك لە لیستی نیوەمووچەکان بمێنێتەوە ئەگەر دوای تەواوبوونی ئەو ساڵە سزاکەی لانەدرابێ، خانەنشین دەکرێت.

سێیەم/ ئەو ئەفسەرەی ناوی لە لیستی نیوەمووچەدا هەیە شایەنی نیوەی مووچەکەیەتی.

چوارەم/ ئەگەر ئەفسەر نێردرا بۆ ئەو لیستە ئەوا کاتی مانەوەی تیایدا لە جاری یەکەم و دوو هێندەی ئەو کاتە بۆ جاری دووەم لە ماوەی پێشخستنی کەم دەکرێتەوە و جاری سێیەمیش خانەنشین دەکرێت.

پێنجەم/ ئەو ئەفسەرەی کە دەنێردرێ بۆ لیستی نیوەمووچە حوکمی  یاساکان و رێنماییەکانی تایبەت بەهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەیگرێتەوە.

شەشەم/ ئەگەر وەزیر بۆی هەیە سزای سەر ئەفسەر لابدات بەپێی راپۆرتە بەرزکراوەکان لەلایەن فەرماندەکانی ئەفسەرەکە لەو ماوەی کە نێردراوە بۆ لیستی نیوەمووچە کە باشی و لێهاتوویی و پەیوەستبوون بەئەرك و ئەخلاقیاتی خزمەت بسەلمێنێت.

**ماددەی ١٧ :**

پێشخستنی ئەفسەر دوا دەخرێ بۆ خشتەی پێشخستنێکی تر ئەگەر سزادرابوو بە سزایەکی پابەندبوون لە لایەن وەزیرەوە یان بەپێنج سزای پابەندبوون لەلایەن فەرماندەی ئەفسەر سزا درابوو، پێشنیاری ئەوەش لێژنەی لێکۆڵینەوە کە بۆ ئەم مەبەستە پێك دێت، یان ئەگەر لە دادگای تایبەت حوکم درا جگە لە سزای بژاردنی پارە لە سەرپێچییەکان.

**ماددەی ١٨ :**

یەکەم/ دەکرێت ئەفسەر دابمەزرێنرێتەوە کاتێك مەرجەکانی دامەزراندنی تێدا بێت و پۆستی بەتاڵ بۆ پلەکەی هەبێت پێویستیان بەخزمەتی هەبێت لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و گەڕاندنەوە بەپێشنیاری وەزیر و بەبڕیاری دیوانی لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ ئەگەر هیچ دەقێك لەم یاسایە پێچەوانەی ئەوە نەبێت.

دووەم/ ئەگەر بەرژەوەندیی خزمەت پێویست بکات بۆ وەزیر هەیە پێشنیاری لادانی مەرجی تەمەن بکات لەکاتی گەڕانەوە بەمەرجێك لەگەڵ بەندی (یەکەم) لە ماددەی ( ٣٥) لەم یاسایە دژایەتی نەبێت.

## بەشی سێیەم

## خزمەتی کارمەندان

**ماددەی١٩ :**

کارمەند دادەمەزرێت و بەرزدەکرێتەوە و دەگوازرێتەوە و لەهەمان پلەکەی لە جۆرەکەیدا ئاڵوگۆڕی پێ دەکرێ و دەست لە کارکێشانەوەی قبوولٚ دەکرێ و خانەنشین دەکرێ و دەگەڕێنرێتەوە بۆ خزمەت بەپێی حوکمەکانی یاسا و بەبڕیاری وەزیر یان ئەوەی ڕێی پێدەدات.

**ماددەی ٢٠ :**

کارمەند بەپێی ئەم مەرجانە دادەمەزرێ:

یەکەم/ دەبێ عێراقی بێ و لە دایك و باوکێکی عێراقی بێت.

دووەم/ تمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێ و لە (٣٥) ساڵ زیاتر نەبێ لە بەشەکانی تەکنیکی، بەڵام لە بوارەکانی تر دەبێ تەمەنی لە (١٧) ساڵ کەمتر نەبێ و لە (٣٥) ساڵ زیاتر نەبێ.

سێیەم/ دەبێ ڕەوشت بەرزبێ و بەناوبانگ و هەڵسوکەوتی باشی هەبێ.

چوارەم/ دەبێ مەرجەکانی لەش و لار و سەلامەتی تەندروستی تێدا بێ.

پێنجەم/ نابێ حوکم دراوبێ بە تاوانێکی نا سیاسی یان تاوانی شەرەف یان تیرۆریستی یان ئەو تاوانانەی کە کاریگەرن لەسەر ئاسایشی وڵات لە دەرەوە و ناوەوە.

شەشەم/ لایەنی کەم بڕوانامەی سەرەتایی هەبێ.

**ماددەی ٢١ :**

**یەکەم/ پلەی کارمەند و ماوەی بەرزکردنەوەیان بەم شێوەیە دەبێ:**

| پلە | ماوە |
| --- | --- |
| پۆلیس / پۆلیسی یەك | (١) ساڵ |
| پۆلیسی یەك – نائب عریق | (٢) ساڵ |
| نائیب عەریف – عەریف | (٣) ساڵ |
| عەریف – سەرۆکی عەریف | (٣) ساڵ |
| ڕێپێدراو ٨ – ڕێپێدراو ٧ | (٣) ساڵ |
| ڕێپێدراو ٧ – ڕێپێدراو ٦ | (٣) ساڵ |
| ڕێپێدراو ٦ – ڕێپێدراو ٥ | (٣) ساڵ |
| ڕێپێدراو ٥ – ڕێپێدراو ٤ | (٣) ساڵ |
| ڕێپێدراو ٤ – ڕێپێدراو ٣ | (٣) ساڵ |
| ڕێپێدراو ٣ – ڕێپێدراو ٢ | (٣) ساڵ |
| ڕێپێدراو ٢ – ڕێپێدراو ١ | (٣) ساڵ |

**دووەم/ ئەوەی دابمەزرێ لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پلەی پۆلیسی پێ دەدرێ دوای ئەوەی لە خولی ڕاهێنان دەردەچێ و دەکرێ پلەیەك یان دوو پلەی زیاتری پێ بدرێ دوای دەرچوونی لە**

خول یان قوتابخانەی تایبەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ، بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەو یاسایە لە ماوەی خولی ڕاهێنان بە پۆلیس دادەنرێ ئەوانەش بەو ڕێنماییانەی وەزیر دەری دەکات ڕێك دەخرێن.

سێیەم/

أ – وەزیر بۆی هەیە پێشخستن بداتە کارمەند بە مەرجێك لە (٢) ساڵ زیاتر نەبێ ئەگەر لە کاتی جەنگ یان نائاساییدا ئازایەتی دەربخات یان کارێکی پاڵەوانانەی شەرەفمەندی لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەنجام دابێت.

ب – بۆ وەزیر هەیە کە پێشخستن بداتە ئەو کارمەندانەی کە بەسەرکەوتوویی یەکێك لە خولە تایبەتییەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ تەواو دەکات بەمەرجێك ماوەی لە ماوەی خولەکە زیاتر نەبێ.

ج – لە حاڵەتی بەرزکردنەوەی کارمەند بەپێی بڕگەی (ب) لەو بەندە ئەو ماوەیەی لە پلەی رابردوو هەیەتی لە پلەی نوێیدا بەپێشخستنی نایاب بۆی ئەژمار دەکرێت.

**ماددەی ٢٢ :**

یەکەم/ دەکرێ کارمەند دابمەزرێنرێتەوە ئەگەر هەموو مەرجەکانی دامەزراندنی تێدابێ بەپلەکەی خۆی کاتێك پێویستی بەخزمەتی هەبوو لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

دووەم/ وەزیر بۆی هەیە بەدەر لە مەرجی تەمەن کارمەند بگەڕێنێتەوە سەر کار بەمەرجێك لەگەڵ حوکمەکانی بەندی (یەکەم) لە ماددەی (٣٥)ی ئەم یاسایە ناکۆك نەبێت و لە پێناو بەرژەوەندیی کاردا بێت.

**ماددەی ٢٣ :**

بۆ پلە بەرزکردنەوەی کارمەند ئەو مەرجانە هەیە:

یەکەم/ دەبێ ئەو ماوەیەی تەواوکردبێ کە لە بەندی (یەکەم) لە ماددەی (٢١) ئەم یاسایە هاتووە.

دووەم/ دەبێ گەواهیی لەسەر هەبێت بەراستگۆیی و لێهاتوویی لەلایەن فەرماندەکانییەوە بەپێی ریزبەندی.

سێیەم/ دەبێ تاقیکردنەوە و ئەو خولانەی بۆ بەرزکردنەوەی پلەی بەرزتر لە پلەی خۆی بڕی بێ.

**ماددەی ٢٤ :**

بەدەر لە حوکمەکانی ئەم یاسایە بەپێشنیاری وەزیر و رەزامەندی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێ کارمەندی شەهید و بریندار ئەوانەی تووشی پەککەوتوویی تەواو دەبن (پلەی ملازم)یان پێ دەدرێت.

**ماددەی ٢٥ :**

پلە بەرزکردنەوەی کارمەند دوا دەخرێت بۆ خشتەی بەرزکردنەوەی دوای خۆی لە یەکێك لەم حاڵەتانە:—

یەکەم/ ئەگەر سزادرابوو بە سزایەکی پابەندبوون لەلایەن وەزیرەوە یان بە (٣) سزای پابەندبوون لەلایەن فەرماندەکانییەوە.

دووەم/ لەلایەن دادگای تایبەتمەند سزا درابوو بەهەر سزایەك جگە لە سزای پێبژاردن لەسەر سەرپێچییەکان.

## بەشی چوارەم

## مۆڵەتەکان

## لقی یەکەم

## مۆڵەتی ئاسایی

**ماددەی ٢٦:**

یەکەم: پیاوی پۆلیس بۆی هەیە بەتێکڕای هەر (١٠)رۆژ جارێك رۆژێك مۆڵەتی ئاسایی وەربگریّ بە موچەی خۆی .

دووەم: دەکریّ ئەو مۆڵەتە ئاساییانەی کەلە بەندی (یەکەم ) هاتووە بۆ پیاوی پۆلیس کۆبێتەوە بەدرێژایی خزمەتی بە مەرجێك لە (١٨٠)ڕۆژ زیاتر نەبیّ.

**ماددەی ٢٧:**

پیاوی پۆلیس ساڵانە دەبێت (١٥) ڕۆژ مۆڵەتی ئاسایی لەسەریەك وەربگرێت مەگەر بەرژەوەندیی گشتی وانەخوازێت.

**ماددەی ٢٨:**

یەکەم: مۆڵەتی ئاسایی بە داوایەکی نوسراو دەدریّ و نابیّ ئەو مۆڵەتە ڕەتبکرێتەوە بەهۆی بەرژەوەندی گشتی بۆ ماوەی زیاتر لە (٦٠) ڕۆژ لە مێژووی یەکەم داواکردنی .

دووەم: پیاوی پۆلیس بۆی هەیە تا (١٢٠) ڕۆژ مۆڵەتی ئاسایی وەربگری بە مەرجێك لـەو مۆڵەتـە ئاسـاییانەی کـە بـۆی کۆبوتەوە بـە درێژای خزمەتـی تێنەپەڕێ.

سێ یەم: پیاوی پۆلیس بۆی هەیە بۆ ماوەی (٢) ساڵ لە ماوەی خزمەتی مۆڵەتی ئاسایی بە بێ مووچە وەرگرێ.

**ماددەی ٢٩:**

پیاوی پۆلیس کە خزمەتەکەی کۆتایی هاتـووە بەهەر هۆکارێکەوە بێت شایانی مووچەی مۆڵەتی ئاسایی کۆبوەوە بە مەرجیێك لـە (١٨٠) ڕۆژ زیاتر نەبێ، بڕی پارەکەش لەسەر بنەمای مووچە و دەرماڵەکان پێی دەدرێ کە پێش دەست هەڵگرتنی لە خزمەتەکەی پێی دەدرا و ئەو ماوەی مۆڵەتەش بۆ خانەنشینی بەخزمەت ئەژمار دەکرێت.

**ماددەی ٣٠:**

یەکەم: ئەگەر پیاوی پۆلیس بگەڕێتەوە بۆ خزمەتی پێش تەواوبونی ڕۆژەکانـی مۆڵەتی ئاسایی ئەوا موچـەی تەواوی خـۆی لـەو مـاوەی مۆڵـەتـە ئاساییەکەی ماوەتەوە لێی دەگێڕدرێتەوە و ماوەی مۆڵەتی ئاسایی کۆبووەوە کە مووچەکەی لێ سەندراوەتەوە زیاد دەکرێ بۆ سەر مۆڵەتی ئاسایی .

دووەم: ئەگەر خانەنشینی گەڕایەوە بۆ خزمەت نابێت ماوە مۆڵەتی کەڵەکەبووی کە مووچەی بۆ خەرج دەکرێت لە کاتی خانەنشینی زیاتربێت لەوەی کە ئەگەر لەسەر خزمەت بەردەوام بووایە و لە هەر بارێکیشدا نابێت لە (١٨٠) رۆژ زیاتربێت لە کۆی خزمەتیدا.

سێیەم: مووچەی مۆڵەتە کەڵەکە بووەکان بەیەکجار یان بەقیسیتی مانگانە لەو مووچەیەی دوای گەڕانەوەی وەری دەگرێت، دەبڕدرێت.

## لقی دووەم

## مۆڵەتی تایبەت

**ماددەی ٣١:**

ئافرەتی (ئەفسەر یان کارمەند) لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ شایەنی ئەم مۆڵەتانەیە بە موچەی تەواو بە پێی دەقی یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی(١٩٦٠) بەم شێوەیە:

یەکەم: مۆڵەتی دووگیانی و لە دایك بوون

دووەم: مۆڵەتی دایکایەتی

سێ یەم: مۆڵەتی (عیددە) بۆ مردنی هاوسەرەکەی بۆ ماوەی (١٣٠) ڕۆژ

**ماددەی ٣٢:**

یەکەم: بۆ وەزیر هەیە ئەو مۆڵەتانە بە پیاوی پۆلیس بدات بە موچەی تەواو :

أ/ مۆڵەتی بەجێهینانی حەج بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ بە مووچەی تەواوی خۆی بۆ یەك جار بە درێژایی خزمەتی .

ب/مۆڵەتی بەجێهێنانی عومرە بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ.

ج/ مۆڵەتی هاوسەرگیری بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ بە مووچەی تەواو .

د/ مۆڵەتی دەرەوەی عێراق.

ﻫ/ مۆڵەتی (٧) ڕۆژ بۆ هەر (٣) مانگ جارێك کە ناکرێت کۆ بکرێتەوە تایبەت بۆ ئەو پیاوە پۆلیسانەی کەلە ڕەوشێکی سەخت و خراپ یان لە ناوچەیەکی دوورە دەستدا کاردەکەن.

دووەم: بە پێی ئەو ڕێنماییانەی وەزیر دەری دەکات مەرجەکانی پێدانی مۆڵـەت دیاری دەکرێت لە بڕگەکانی (د) و (ﻫ) لە بەندی یەکەم لەو ماددەیە.

**ماددەی ٣٣:**

یەکەم: پیاوی پۆلیس شایەنی مووچەی تەواوە بۆ سەرجەم کاتی مانەوەی لە نەخۆشخانە ئەگەر لە کارەکەیدا یان بەهۆیەوە نەخۆش کەوتبێت.

دووەم: پیاوی پۆلیس بۆی هەیە مووچەی تەواو وەربگریّ لە کـاتی مانـەوەی لـە نەخۆشخانە بەمەرجێك لە (١٢٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت ئەگەر نەخۆشیەکەی لە کاتی کارکردندا یان بەهۆیەوە نەبێت.

سێ یەم: ئەگەر پیاوی پۆلیس توشی نەخۆشیەك یان بریندارى یان شکانێك هاتبوو بەهۆی لە خزمەتیەوە بۆی هەیە مۆڵەتی تا یەك ساڵ وەربگرێ بـە مووچەی تەواوی خۆی سەرەڕای ئەو ماوەیەی لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە .

چوارەم: ئەگەر پیاوی پۆلیس توشی نەخۆشیەك هات بەهۆی خزمەتییەوە نەبوو هەموو جار ێك بۆی هەیە مۆڵەتی (٦) مانگ بە موچەی تەواو وەربگرێ و بۆ هەمان ماوەش بە نیو موچەی خۆی سەرەڕایپ ئەو ماوەیەی کەلە نەخۆشخانە دەمێنیتەوە .

پێنجەم: مۆڵەتی نەخۆشی بە پیاوی پۆلیس دەدرێ کە تووشی نەخۆشیەکی کوشندە یان نەخۆشیەکی بێ چارەسەر هاتووە، بەڵام دووری نەخستۆتەوە لە خزمەتــی بۆ ماوەی (١) ساڵ جگە لەو ماوەیەی کەلە نەخۆشخانە کەوتووە .

شەشەم: ئـەگەر ئەو نەخۆشـەی لـە بەنـدەکانـی (یەکەم) و ( دووەم) و (سێ یەم) و (چوارەم) و (پێنجەم ) باسی لێوە کراوە دوای وەرگرتنی ئەو مۆڵەتانەی لە دەقی ئەم یاسایە هاتووە چاك نەبۆوە بە پێی ڕاپۆرتی پزیشکی کە لەلایەن لێژنەیەکی پزیشکی دەدەچێ خانەنشین دەکرێ خزمەتی بە (١٥) ساڵ ئەژمار دەکرێ ئەگەر خزمەتی کەمتر بێت.

**ماددەی ٣٤:**

پیاوی پۆلیس یان خانەنشین کراو لە دوای ٢٠٠٣/٤/٩ لـە ناوەوەی عێراق لە نەخۆشخانەکان لەسەر میلاکی دەوڵەت چـارەســەر دەکرێ و ئەگەر لەناوەوەی عێراق چارەسەری نەبێ ئەوا لە دەرەوەی عێراق هەر لەسەر بودجەی دەولەت چارەسەر دەکرێ بە پێشنیاری لیژنەی پزیشکی و ڕەزامەندی وەزیر .

## بەشی پێنجەم

## خانەنشین کردن

**ماددەی ٣٥:**

یەکەم: پیاوی پۆلیس لە دوای تەواو کردنی تەمەنی یاسـایی خۆی کە (٦٣) ساڵە خانەنشین دەکرێ ئەگەر مـاوەی خزمەتــی هــەرچەندێك بێت.

دووەم: بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەیە لەسەر پێشنیاری وەزیر خزمەتی ئەو ئەفسەرانەی کە تەمەنی ئاسایی خۆیان گەیشتووەتە تەمەنی یاسایی بۆ ماوەی (١) ساڵ درێژ بکاتەوە کە یەك جار مایەی نوێکردنەوەیە لەبەر بەرژەوەندیی گشتی.

سێ یەم: بۆ وەزیر هەیە ماوەی خزمەتی کارمەند درێژبکاتەوە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بەمەرجێك ئەو ماوەیە لە هەموو بارەکان لە (٣) ساڵ زیاتر نەبێ لە تەمەنی یاسایی کە لە بەندی (یەکەم )ی ئەم ماددەیە هاتووە.

**ماددەی ٣٦:**

یەکەم/ دەکرێت پیاوی پۆلیس لە یەکێك لەم حاڵەتانە خانەنشین بکرێت:

أ – لەسەر داوای خۆی بەهۆکاری رەوا بەمەرجێك خزمەتی لە ١٥ ساڵ کەمتر نەبێت.

ب – ئەگەر لەسەر میلاك زیادە بوو.

ج– ئەگەر لەلایەن لێژنەیەکەوە کە بۆ ئەم مەبەستە پێك هاتبوو ناتوانایی سەلمێنرا.

د– ئەگەر لەلایەن لێژنەکەوە دەرکەوت پابەند نابێت بەداب و پرەنسیپی خزمەتەوە.

هـ– ئەگەر دوای تەواوبوونی مۆڵەتی نەخۆش چاك نەبۆوە یان لە کاتی مۆڵەتدا لەڕووی پزیشکیەوە بڕیار درا کە بەپێی برگەکانی ئەم یاسایە کەڵکی خزمەتی نییە.

دووەم/ ئەو حاڵەتانەی لە برگەی (ب) و (ج) و (د) لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە هاتووە بەرێنمایی دیاری دەکرێن.

**ماددەی ٣٧:**

بۆ خانەنشینکردنی پیاوی پۆلیس و بۆ دیاریکردنی تەمەنی، پشت بە مێژووی لەدایکبووی ناسنامەی شارستانی دەبەسترێت کە لە یەکەم دامەزراندنیدا پێشکەشی کردووە.

**ماددەی ٣٨:**

حاڵەتەکانی دەست هەڵگرتنی پیاوی پۆلیس لە خزمەت، لە دەزگاکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ بەڕێنمایی دیاری دەکرێت.

**ماددەی ٣٩:**

یەکەم: پیاوی پۆلیس بۆی هەیە لە ڕێگەی داواکارییەکی نوسراوەوە کە پێشکەشی وەزیری بکات یان ئەوەی ڕێپێدراوە دەست لەکار بکێشێتەوە.

دووەم: لەسەر وەزیر یان ڕێپێدراو پێویستە داواکاری دەست لەکارکێشانەوەکە بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی تۆمارکردنی لە نووسینگەکەی یەکلایی بکاتەوە و دوای ئەو ماوەیە داواکارییەکە بەپێی یاسا بەقبووڵکراو دادەنرێت.

سێ یەم: بڕیاری وەزیر یان ڕێپێدراو بۆ ڕەت کردنەوەی دەست لە کارکێشانەوەکە بە هۆکار دەبێت .

چوارەم: نابێ دەست لەکار کێشانەوە قبولّ بکرێت لە کاتی جەنگ یان حاڵەتی نائاسایی یان تەنگەژەی ئاسایشی یان لە کاتی لێکۆڵینەوە و دادگایی تا کاتی نەمانی ئەو هۆکارانە یان یەکلابوونەوەی ئەو تۆمەتانەی بۆ کەسی دەست لەکارکێشاوە ئاراستەکراوە.

پێنجەم: ئەگەر پیاوی پۆلیس داوای دەست لەکار کێشانەوەی کرد پێـــش تەواو کردنی شەش ساڵی خزمەتی بۆ ئەفسەر و رێپێدروان یان دوو ساڵ بۆ ئەفسەری پۆل و پۆلیس پێویستە خەرجیی هەموو ئەوانەی کە فێریان بوە یان ڕاهێنانی لەسەر کردوون لە خولەکان و قوتابخانەکان و کۆلێژەکانی عێراق و دەرەوەی جگە لە مووچەی تەواوی نەبێ.

شەشەم: پیاوی پۆلیس بۆی هەیە لە داواکاری دەســـت لە کارکێشانەوەی پاشگەزببێتەوە پێش ئەوەی وەزیر یان ڕێپێدراو بڕیاری لەسەر بدەن ئەوەش لە ڕیگەی داواکراوێکی نوسراوەوە پێشکەش دەکات.

حەوتەم: پیاوی پۆلیسی دەست لە کار کێشاوە مافەکانی خانەنشینی وەردەگرێ (موچەی خانەنشینی پاداشتی خانەنشینی ) ئەگەر خـــزمەتی ئەو مافانەی تەواو کردبیـــت کە بەپێی یاسا شایانیەتی و مۆڵەتە ئاساییەکانیشی دەپارێزرێ کە پێش دەست لەکارکێشانەوەی هەیبووە بەمەرجێك لە (١٨٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت.

**ماددەی ٤٠:**

یەکەم: لە کاتی بزربوونی یان دەستبەسەرکردنی پیاوی پۆلیس موچەی تەواو بۆ بەخێوکەرانی خەرج دەکرێت تا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە یان مردنی جێگیر دەکرێ .

دووەم: خەرج کردنی مووچەی بزربوو یان دەستگیرکراو رادەگیرێ بۆ بەخێوکەرانی و مافەکانی خانەنشینییان پیێ دەدرێت لە یەکێك لەم دوو حاڵەتانە:

أ/ لەکاتی جێگیرکردنی مردنی و لە دەستپێکی مێژوی جێگیرکردنەکە.

ب/ دوای تێپەربوونی (٢) ساڵ لە بزربونی یان دەستبەسەرکردنی ئەگەر مانەوەی لە ژیان نەسەلمێنرا.

سێ یەم: مافەکانی خانەنشینی رادەگیرێ بۆ نەوەکانی بزربوو یان دەستگیرکراو کاتێك بوونی لە ژیان سەلمێنرا و دووبارە مامەڵەی خانەنشینی بۆ دەکرێتەوە بەپێی حوکمەکانی بەندی (یەکەم) لەو ماددەیە و نەوەکانی ئەوەی وەریان گرتـووە نایگەڕێننەوە.

چوارەم: ئەگەر بزربوو یان دەستگیرکراو دوای (٢) سـاڵ لە نەمـانی گەڕایەوە ئـەوا دەگەڕێنرێتەوە بۆ خزمەت ئەگەر بە ڕاپۆرتی پزیشکی سەلمێنرا بۆ خزمەت شیاوە ئەگەر نەیتوانی بگەڕێتەوە خزمەت ئەوا خانەنشین دەکرێ و هەموو مافەکانی خانەنشینی بۆ ڕاست دەکرێتەوە.

پێنجەم: ئەگەر دەرچوو بزربوونی پیاوی پۆلیس یان دەستگیرکردنی بەهۆی کەم تەرخەمی خۆی یان مەبەستی خراپ بوو خانەنشین دەکرێت و لێپرسیـــنەوەی یاسایی لەگەڵ دەکرێ.

شەشەم: ماوەی بزربونی پیاوی پۆلیس یان دەستگیرکردنی بە خزمەت دادەنرێ لە هێزەکانی ئاساشیی ناوخۆ لەگەڵ چاودێری حوکمەکانی بەندی (پێنجەم ) لەو ماددەیە و پلە بەرزکردنەوەی بەردەوام دەبیت بۆ پلەی بەرز تر بەبێ رەچاوکردنی هیـــچ مەرجێکی تر.

حەوتەم: بڕیارە تایبەتیەکان کە بۆ ونبووەکانە لەسەر شەهیدی پۆلیس جێبەجێ دەکرێ کاتێك دەسەلمێنرێ کە لە ژیاندا ماوە.

## بەشی شەشەم

## مافەکانی خانەنشینی

**ماددەی ٤١ :**

یەکەم/ پیاوی پۆلیسی خانەنشینکراو شایستەی مووچەی خانەنشینییە ئەگەر هاتوو راژەی خانەنشینکردنی (١٥) ساڵ یان زیاتر بێ، بەڵام ئەگەر راژەی خانەشینکرانەکەی کەمتر بێ پاداشتی خانەشینی وەردەگرێ مەگەر بەیاسایەکی تایبەت رێکخرابوو.

دووەم/ راگرتنی خانەشینی بۆ پیاوی پۆلیس بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی دەبێت.

**ماددەی ٤٢ :**

پیاوی پۆلیس راژەی خانەشینی بۆ هەژمار دەکرێت:

یەکەم/ ماوەی راژەکەی لە هێزی ئاسایشی ناوخۆ.

دووەم/ کاتی هاوشێوە بۆ کاتی راژەکەی ئەگەر لە جەنگ و لە شوێنی جوولەپێکراوەکانی ئەو بنکە و هێزە هاوبەشانەی بەبڕیاری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دیاریکراون، راژەکەی ئەنجام دەدرێت.

سێیەم/ کاتی خوێندن لە کۆلیژەکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ و کۆلیژی سەربازی ئەگەر راگرتنی خانەنشینی لێ درا.

چوارەم/ راژەی خانەنشینی پێش خزمەتکردنی لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

پێنجەم/ کەڵەکەبوونی مۆڵەتە ئاساییەکانی کە لە (١٨٠) رۆژ زیاتر نەبێ.

**ماددەی ٤٣ :**

لەم حاڵەتانە راژەی خانەنشینی بۆ پیاوی پۆلیس هەژمار ناکرێت:

یەکەم/ هەر خزمەتێکی ئەنجامی دابێ پێش دەرچوونی ئەم یاسایە بەر لە تەمەنی (١٦) ساڵی.

دووەم/ مۆڵەتی بێ مووچە.

سێیەم/ کاتی زیندانی کردن و دەستگیرکردنی وەك جێبەجێکردنێکی حوکمێکی کۆتایی.

چوارەم/ ناردنی بۆ لیستی نیومووچە.

**ماددەی ٤٤ :**

یەکەم/ مافەکانی خانەنشین (مووچەی خانەنشینی و پاداشتی خانەنشینی) بۆ پیاوانی پۆلیس و ئەوەی دەیگرێتەوە (لە کەس و کاری) بەپێی حوکمەکانی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی هەموارکراو ئەژمار دەکرێت مەگەر ئەوەی لەم یاسایەدا هاتبێت.

دووەم/ مووچەی خانەنشینی بۆ پیاوانی پۆلیس خەرج دەکرێت لە کاتی خانەنشینکردنی دوای تەواوکردنی تەمەنی یاسایی دیاریکراو لەم یاسایەدا.

سێیەم/ مووچەی خانەنشینی هەژمار دەکرێتەوە بۆ پیاوانی پۆلیس و میراتگرەکانی ئەوانەی کە بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە خانەنشینکراون و میراتگری شەهیدەکان ئەوانەی بەر لە ٢٠٠٣/٤/٩ شەهیدبوون لەسەر بنەمای مووچەی پلەی بڕیاردراو بەپێی حوکمەکانی بەندی(دووەم) لە ماددەی (٨) لەم یاسایە بەمەرجێك لە مووچەی خانەنشینی کەمتر نەبێ کە بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە وەری دەگرت.

**ماددەی ٤٥ :**

کاتێك پیاوانی پۆلیس خانەنشین دەکرێن پاداشتی کۆتایی راژەی پێ دەبەخشرێت کە یەکسان بێ بەمووچەی تەواوی بۆ ماوەی ساڵێك و بۆ یەك جار سەرەرای مووچەی خانەنشینی بەمەرجێك راژەی خانەنشینەکەی لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

**ماددەی ٤٦ :**

ئەگەر پیاوی پۆلیس بەهۆی هۆکاری تەندروستی خانەنشین کرا بەهۆی ئەوەی نەتوانێ خزمەت بکات هۆیەکەشی پەیوەندی بەکارەکەیەوە نەبوو و خۆشی دەستی لە روودانیدا نەبوو راژەی خانەنشینی بۆ بە (١٥) ساڵ هەژمار دەکرێت ئەگەر لەم ماوەیە کەمتر بوو.

**ماددەی ٤٧ :**

یەکەم/ کاتێك پیاوی پۆلیس یان خانەنشینکراو دەمرێت سەرجەم مافە خانەنشینکراوەکان و دەرماڵەی خێزانی و (مستحقات) و ئەوەی شایانیەتی بەهۆی خزمەتیەوە دەگوازرێتەوە بۆ میراتگرەکان بەپێی دەقەکانی ئەم یاسایە.

دووەم/ ئەگەر پیاوی پۆلیس مرد لەکاتی خزمەتکردن و هۆکارەکەی پەیوەندیی بەکارەکەیەوە نەبوو میراتگرەکانی شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن بەپێی بڕیارەکانی ئەم یاسایە بەمەرجێك راژەی هەژمار بکرێت بۆ خانەنشینی بە (١٥) ساڵ ئەگەر هاتوو کەمتر بوو بە لەبەرچاوگرتنی حوکمەکانی بەندی (یەکەم) لەم ماددەیە.

سێیەم/ مردن لە کاتی دابڕانی بەبێ هۆ و راکردن لە خزمەتی پۆلیس برگەکانی ئەم ماددەیە نایان گرێتەوە بەپێی راسپاردەی ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوەی پێکهێنراو بۆ ئەم مەبەستە.

**ماددەی ٤٨ :**

ناكرێت مووچەی خانەنشینی دەستی بەسەردا بگیرێت بەبێ بڕیاری دەرچوو لە دادگای تایبەت کە پلەی کۆتایی بەدەستی هێنابێ و ڕێژەی دیاریکراوی دانابێ جگە لە قەرزەکانی نەفەقەی شەرعی.

## بەشی حەوتەم

## ڕێزلێنانی قوربانیدان لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکدا

**ماددەی ٤٩ :**

یەکەم/ کاتی خانەنشینکردنی پیاوانی پۆلیس بەهۆکاری تەندروستی کە لە دەرئەنجامی خزمەت یان بەهۆی خزمەتکردنی نەبووبێت و خۆی هۆکاری نەبووبێ و بووبێتە هۆی پەککەوتنی تەواوی مووچەی خانەنشینی پێ دەدرێ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەمانەی خوارەوە:

أ – ڕاژەی خانەنشینی بە (١٥) ساڵ بۆ هەژمار دەکرێ ئەگەر کەمتر بوو.

ب – ڕێژەی (٥٠٪)ی دوایین مووچەی وەرگیراوی زیاد دەکرێت بۆ سەر مووچەی خانەنشینکردنی کە بە پێی بڕیارەکانی بڕگەی (أ) لە بەندی (یەکەم) لە ماددەی (٤٩) هەژمارکراوە.

دووەم/ لە کاتی خانەنشینکردنی پیاوانی پۆلیس بە هۆکاری تەندروستی لە دەرئەنجامی خزمەتی یان بەهۆی خزمەتکردنی کە خۆی هۆکاری نەبووبێ و پەککەوتنی ڕێژەیی هەبێ مووچەی خانەنشینی پێ دەدرێ بەپێی بڕیارەکانی ئەم یاسایە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەمانەی خوارەوە:

أ – ڕاژەی خانەنشینی بە (١٥) ساڵ بۆ هەژمار دەرکرێت ئەگەر کەمتر بوو.

ب – ڕێژەی یەکسان بەڕێژەی پەککەوتنی لە (٥٠٪) لە دوا مووچەی وەرگیراوی زیاد دەکرێت بۆ سەر مووچەی خانەنشینکردنی کە بەپێی بڕیارەکانی بڕگەی (أ) لە بەندی (یەکەم) لە ماددەی (٤٩) هەژمارکراوە.

**ماددەی ٥٠:**

پیاوی پۆلیس کە حوکمەکانی ماددەی (٤٩) لەم یاسایە دەیگرێتەوە پاداشتی دارایی بەهێندەی مووچەکانی بۆ ساڵێك پێ دەدرێ ئەگەر هاتوو پەککەوتنەکەی سەداسەد بوو بەمەرجێك پاداشتەکەی کەمتر نەبێ لەو بڕە پارەیەی کە بەیاسا دەستنیشان کراوە و ڕێژەیەك لەم پاداشتە وەردەگرێ کە یەکسان بێت لەگەڵ ڕێژەی پەککەوتنەکەی.

**ماددەی ٥١:**

ئەگەر پیاوی پۆلیس کوژرا یان مرد بەهۆی کارەکەیەوە و دەستی خۆی تێدا نەبوو مافە خانەنشینکراوەکەی کۆ دەکرێتەوە و دەبەخشرێتە میراتگرە شایستەکان بەپێی حوکمەکانی بەندی (یەکەم) لە ماددەی (٤٩) لەم یاسایە.

**ماددەی ٥٢:**

میراتگری پیاوی پۆلیس ئەوانەی ماددەی (٥١) لەم یاسایە دەیانگرێتەوە پاداشتی دارایی دەیانگرێتەوە هێندەی مووچەی ساڵێکی تەواوی مردووەکە.

**ماددەی ٥٣:**

یەکەم/ ئەگەر برینداربوونی بووە هۆی پەککەوتنی ڕێژەیی و بەهۆیەوە خانەنشینکرا شایەنی مووچەی خانەنشینییە و خزمەتەکەی بە (١٥) ساڵ دەژمێردرێ ئەگەر کەمتریش بێت.

دووەم/ بەپێی حوکمەکانی بەندی (یەکەم) لەم ماددەیە ڕێژەیەك لە مووچەی ئەژمارکراو لەسەر مووچەی خانەنشینی زیاد دەکرێت کە یەکسانە بەڕێژەی پەککەوتنی.

**ماددەی ٥٤:**

ئەگەر پێکانی پیاوی پۆلیس بووە هۆی پەککەوتنی تەواو و بەم هۆیەوە خانەنشینکرا مووچەی خانەنشینی وەردەگرێ بەپێی ئەو بنەمایانەی کەمیراتگری شەهید وەری دەگرێت.

**ماددەی ٥٥:**

یەکەم/ میراتگری شەهید مووچەی خانەنشینی پێ دەدرێ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەمانەی خوارەوە:

أ – مووچەی خانەنشینی هەژمار دەکرێت لەسەر بنەمای مووچەی دوو پلە بەسەرەوەتر لە پلەی شەهید ئەگەر هاتوو لە بەرزترین پلەدا بوو لە کاتی شەهیدبوونی مووچەکەی ئەژمار دەکرێت لەسەر بنەمای پلەکەی بەزیادکردنی دوو ئەوەندەی مووچەی پلەیەکی خوارتر، بەڵام ئەگەر یەك پلە لە خوار بەرزترین پلەدا بوو مووچەکەی هەژمار دەکرێت لەسەر بنەمای مووچەی ئەم پلەیە بەزیادکردنی ئەو جیاوازییەی کە لەنێوان مووچەی هەردوو پلەدا هەیە.

ب – ڕاژەی خانەنشینی شەهید بە (١٥) ساڵ هەژمار دەکرێت ئەگەر هاتوو کەمتر بوو بەمەبەستی ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی بۆ میراتگری شەهید.

**ماددەی ٥٦ :**

یەکەم/ میراتگری شەهید پاداشتی شەهیدبوونی بەهێندەی مووچەی ساڵێك و نیو لەو مووچەیەی بۆی ئەژمارکراوە وەردەگرێت.

دووەم/ برینداری خانەنشینکراو بەهۆی پەککەوتنی تەواو پاداشتی ساڵێك و نیو لە مووچەی پلەکەی بۆ ئەژمار کراوە وەردەگرێت.

سێیەم/ برینداری خانەنشینکراو بەهۆی پەککەوتنی رێژەیی رێژەیەك لەو پاداشتە وەردەگرێت کە لە بەندی دووەمی ئەم ماددەیە باس کراوە کە یەکسانە بە رێژەی پەککەوتنەکەی.

ماددەی ٥٧:

حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ ئەوانەی لە دوای ٢٠٠٣/٤/٩ شەهید بوون لە پۆلیس جێبەجێ دەکرێن و ئەوانەش کە بەبڕیاری دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەشەهید دانراون و ئەوانەی لەبەر دەرگاکانی بنکەی خۆبەخشی هێزەکانی ناوخۆ بەهۆی کردە تیرۆرستییەکان شەهیدبوونە و مووچەی خانەنشینی و پاداشتی شەهید بوونی لەسەر بنەمای مووچەی دوو پلە زیاتر لە پلەکەی دەبێت.

ماددەی ٥٨:

میراتگری شەهید دەتوانێ ئەمانە پێکەوە کۆ بکاتەوە:-

یەکەم/ سەرجەم مافەکانی لە شەهیدەوە لەگەڵ مووچەی خانەنشینیی خۆی وەربگرێ ئەگەر هاتوو لە رێکەوتی شەهیدبوونەکەدا خانەنشین کرابوو.

دووەم/ مافەکانی لە شەهیدەوە لەگەڵ هەر مافێکی خانەنشینی خۆی ئەگەر پێش بەرواری شەهیدبوونەکە شایستەی بوو.

سێیەم/ ئەگەر هاتوو دایك و باوكی شەهید مووچەخۆری دەوڵەت بوون و شەهید ژن و منداڵی هەبوو مووچەی خانەنشینییەكەی لە دایك و باوك رادەگیرێت و ئەگەر هاتوو ژنەكەی مووچەخۆری دەوڵەت بوو مووچەی خانەنشینی ژنەكەی رادەگیرێت.

**ماددەی ٥٩:**

منداڵی شەهید لە مەرجی نمرەی پێویست بۆ وەرگرتن لە قوتابخانە و پەیمانگا و كۆلیژەكان و بنكە پیشەییەكانی پۆلیس دەبەخشرێن.

**ماددەی ٦٠:**

منداڵی شەهید لە كاتی یەكسانبوونی لە مەرجە یاساییەكان پێشەنگ دەبن لە مانەی خوارەوە:–

یەكەم – وەرگرتن لە قوتابخانە و پەیمانگا و كۆلیژەكانی سەربازی و پۆلیس.

دووەم – مۆڵەتی خوێندن و ناردنە دەرەوەی تایبەت بە هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ.

سێیەم – خوێندن لەسەر ئەستۆی وەزارەت.

چوارەم – دامەزراندن لە فەرمانگەكانی وەزارەت.

**ماددەی ٦١:**

سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە لەسەر پێشنیاری وەزیر (نیشانە) بدات بە شەهید یان میراتگرەكانیان لەسەر خۆبەخشیان و ئەوەی پێشكەشیان كردووە بۆ وڵات و هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ و گەل و جۆر و شێوە و جیاوكەكانی ئەم نیشانانە رێك دەخرێت.

**ماددەی ٦٢:**

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەپێشنیاری وەزیر بۆی هەیە ماف و پاداشتەکانی کە لەم یاسایە هاتووە بەگشتی یان ئەگەر هاتوو شەهیدبوون لەکاتی ئەنجامدانی کارێکی قارەمانانە بوو یاخود خۆبەخشکردنێکی شەرەفمەندانە کە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و نیشتمان شانازییان پێوە بکات.

یەکەم/ راژەی خزمەتی شەهید زیاد بکات بەهێندەی نیوەی ماوەی خزمەتەکەی بەمەبەستی ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی بۆ میراتگرەکانی.

دووەم/ زیادکردنی پاداشتی شەهید کە لە ماددەی (٥٢) لەم یاسایە باسی لێ کراوە کە یەکسان بێ بەبڕی پاداشتە شایستەکەی.

**ماددەی ٦٣:**

یەکەم/ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە لەسەر داواکاری وەزیر بەپێی پێداویستییەکانی بەرژەوەندیی گشتی بریندار یاخود خانەنشینکراو بەهۆکاری تەندروستی کە بەهۆی خزمەتکردنەوە بەسەری هاتبێت یان کۆچ کردوو لە کاتی خزمەت یان میراتگرەکانی سەرجەم یان هەندێك لەم ماف و پاداشتانە و جیاکەرەوەکانیان پێ بدات کەلەم یاسایە بۆ شەهید و میراتگرەکەی دانراوە.

دووەم/ بۆ وەزیر هەیە پیاوی پۆلیس کە تووشی پێکان ببێ یان لەکاتی خزمەتکردن کە ئەبێتە هۆی خانەنشینکردنی پاداشتی دارایی پێشکەش بکات زیاتر نەبێ لە مووچەی تەواوی (٣) مانگ.

**ماددەی ٦٤:**

ئەم حاڵەتانەی خوارەوە لەکاتی کۆچکردنی پیاوی پۆلیس بەشەهیدبوون هەژمار دەکرێت بەمەبەستی ئەژمارکردنی ئەم ماف و جیاکەرەوانەی بەپێی بڕیارەکانی ئەم یاسایە بۆ شەهید هەژمار کراوە بۆ میراتگری.

یەکەم/ کاتێك لە کردەی پاککردنەوەی شوێنەکان لەلایەن پۆلیسەوە پیاوی پۆلیس ڕووبەڕووی تیرۆرستان و تاوانباران دەبێتەوە.

دووەم/ هێرشکردنی تیرۆرستان و تاوانباران بۆ سەر بنکەکانی پیاوی پۆلیس.

سێیەم/ بەرکەوتنی پیاوانی پۆلیس بەگوللەی تیرۆریستان و تاوانباران

چوارەم/ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریست و تاوانباران یاخود راوەدوونانیان و دەستگیرکردنیان.

پێنجەم/ تەقینەوەی ئۆتۆمۆبێلی بۆمبڕێژکراو لەلایەن تیرۆریستان و رووبەڕووبوونەوەیان لەلایەن پیاوانی پۆلیسەوە.

شەشەم/ لەکاتی داڕووخانی ساپیتە یان حەشارگە یاخود ئەو شوێنەی کە پیاوی پۆلیسی تێدایە لەکاتی دەستدرێژیکردنی دوژمنان.

حەوتەم/ رووبەرووبوونەوەی کەمینی دانراو بۆ تیرۆریست و تاوانباران یان بەهۆیانەوە.

هەشتەم/ بەهۆی هەر کارێکی دوژمنکارانە سەرچاوەکەی هەر چ بێت لەکاتی مۆڵەتی پیاوی پۆلیس.

نۆیەم/ تەقینەوەی ئۆتۆمبێلی بارکراو بەچەك یاخود سوتەمەنی کەپیاوی پۆلیسی تێدا بێت لە ئاکامی لێدانی لەلایەن تیرۆریست و تاوانبارانەوە.

دەیەم/ لەکاتی تیرۆرکردنی پیاوی پۆلیس بەهۆی ناونیشانی کارەکەی یان کارمەندبوونی لە فەرمانگەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەکاتی دەوامی فەرمی یان لە کاتی دیکەدا بێت.

یازدەهەم/ لەکاتی بەرکەوتنی فیشەکی چەکی پیاوێکی پۆلیس لە کاتی رووبەڕووبوونەوە و پێکدادان کە پێویست دەکات چەکی تێدا ئامادە بێت.

دوازدەهەم/ لەکاتێك کە پیاوانی پۆلیس رووبەڕووی گەرمی یان ساردییەکی زۆر یان بارودۆخی نائاسایی دەبنەوە لە کاتی خزمەتکردنیان یان بەهۆی خزمەتکردنیان.

سێزدەهەم/ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قاچاغچی و تێکدەرانی ئابووریی نیشتیمانی.

چواردەهەم/ لەکاتی چارەسەرکردنی بۆمبە نەتەقاوەکان یاخود ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکان لەلایەن هێزەکانی تایبەتمەند لەکاتی خزمەتدا.

پازدەهەم/ بەهۆی تەقینەوەی مینێك یاخود مووشەکێك یاخود نارنجۆکێك.

شازدەهەم/ لەکاتی وەرگەڕانی ئەو ئۆتۆمبێلەی پیاوی پۆلیس دەگوازێتەوە بۆ شوێنی رووبەڕووبوونەوەی تاوانبار و تیرۆریستان یاخود لە کاتی گەڕانەوەیان لەهەر خزمەتێکی داوا لێکراودا.

**ماددەی ٦٥:**

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە لەسەر پێشنیاری وەزیر هەر حاڵەتێکی باس نەکراو لە ماددەی (٦٤) بەشەهیدبوون هەژمار بکات لەبەر بارودۆخ و پێداویستییەکانی بەرژەوەندیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

## بەشی هەشتەم

## دەرماڵەی خێزانی و دەرماڵەی خزمەت

**ماددەی ٦٦:**

یەکەم/ پیاوی پۆلیس دەرماڵەی خێزانی وەردەگرێت بەبڕی (٧٠،٠٠٠) دینار بۆ هەر خێزانێك و (١٥،٠٠٠) هەزار دینار بۆ هەر منداڵێك تا منداڵی چوارەم بەمەرجێك لە (٥٠٪) مووچەکەی زیاتر نەبیّ.

دووەم/ پیاوی پۆلیس ئەم دەرمالآنەی سەرەوە بەپێی ئەم مەرجانە وەردەگرێت:

أ – سەبارەت بە (مێرد یان ئافرەت) دەبێت ئەوەی دیکە مووچەخۆری دەوڵەت نەبێت.

ب – سەبارەت بە (منداڵ) بەمەرجێك (قاصر) نەبێت و لە (٢٢) ساڵ زیاتر نەبێت ئەگەر هاتوو قوتابی ئامادەیی بوو، (٢٦) ساڵ زیاتر نەبێت ئەگەر هاتوو قوتابی زانکۆ و خوێندنی باڵا بوو، نابێت کچ شووی کردبێت یان خاوەن مووچەی دەوڵەت بێت.

**ماددەی ٦٧:**

یەکەم/ پیاوی پۆلیس ئەگەر هاوسەرگیری کرد پاش جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەرماڵەی خێزانی وەردەگریّ لە بەرواری تۆمارکردنی گرێبەستی هاوسەرگیری و بۆ هەر منداڵێکیش کە لە دوای جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لە دایك بووە لە بەرواری تۆمارکردنی لەدایك بوونی وەری دەگرێت.

دووەم/ دوای جێبەجیّ بوونی ئەم یاسایە بۆ ماوەی ساڵێك ژنهێنان و منداڵبوون نابنە شایستەی دەرماڵەی خێزانی مەگەر لەو ژنهێنان و منداڵبوونە لە فەرمانگەی باری کەسی تۆمار کرابن.

**ماددەی ٦٨:**

یەکەم/ دەرماڵەی خێزانی پیاوی پۆلیس بۆ خێزان و منداڵەکانی دەبڕدرێت لەم بارانەی خوارەوە:

أ – ئەگەر هاتوو هەر یەکێکیان مەرجەکانی بەندی (دووەم) لە ماددەی (٦٧)ی ئەم یاسایەی لەدەست دا.

ب – لەکاتی جیابوونەوە لە ژن یاخود مردنی یاخود مردنی منداڵ.

دووەم/ بەپێی حوکمەکانی بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەرماڵەکە دەبڕدرێت لە بەرواری لەدەستدانی و مەرجی شایستەیی یاخود لە بەرواری تەڵاقدان یان مردن و دەرماڵەکە بەنەمانی ئەم بەربەستانە دەگەڕێتەوە.

**ماددەی ٦٩:**

یەکەم/ پیاوی پۆلیس کە بۆ یەکەم جار پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن پێشینەی خێزانی وەردەگرن بەبڕی چوار ئەوەندەی مووچەکەی و پێنج ئەوەندەی مووچەکەی ئەگەر هاتوو خێزانەکەی بێوەژن بوو ئەم بڕەش بەچوار قیستی ساڵانە لە کۆتایی ساڵی سێیەم لە هاوسەرگیریەکە وەردەگیرێتەوە و دابەش دەکرێت لەسەر مانگەکانی ساڵ کە قستەکانی تێدا پێویستە بدرێتەوە.

دووەم/ پیاوی پۆلیس هەرکاتێك منداڵێکیان زیادبوو لەدانەوەی قیستی ساڵانەکە دەبێت دوای رێکەوتی لەدایکبوونی منداڵ بدرێت دەبەخشرێت و لە دانەوەی پێشینەکە دەبەخشرێت ئەگەر هاتوو دوو منداڵی بوو بەر لەو کاتەی دەست بەدانەوەی دەکرێت و دووانە (جمك) بەدوو منداڵ دەژمێردرێت بەمەبەستی بەخشین لە پێشینەیە، جمك دادەنرێت بەمەرجێ لێ خۆشبوون.

سێیەم/ پێشینە دەدرێت بە پیاو یان ئافرەت بەپێی ویستی خۆی ئەگەر هاتوو هەردووکیان لە هێزەکانی ناوخۆدا بوون.

چوارەم/ پیاوی پۆلیس دەبەخشرێت لە دانەوەی قستەکانی لە کاتی مردنی.

## بەشی نۆیەم

## شێوازەکانی بەدواداچوون و تانەلێدان

**ماددەی ٧٠:**

یەکەم/ پیاوی پۆلیسی خانەنشینکراو و ئەو کەسەی کە مافی میراتگری هەیە دەبێت داواکاری پێشکەش دەستەی خانەنشینی نیشتمانی بکات بۆ وەرگرتنی مافەکانی خانەنشینی خۆی چ راستەوخۆ یان لە رێگەی وەزارەت بەپێی یاسا.

دووەم/ پێشینە دەدرێتە خانەنشینکراو یاخود ئەو کەسەی کەشایستەیە پاش خانەنشینکردنی یان مردنی لەسەر حیسابی مافە خانەنشینکراوەکانی و بڕی پێشینەکە و کاتی دانەوەی بە بەڕێنمایی وەزیر دیاری دەکرێت.

**ماددەی ٧١:**

لێژنەی وردبینی بەدواداچوون بۆ کێشەی خانەنشینەکان کە لە بەندی (یەکەم) لە ماددەی (٢٠) لە یاسای خانەنشینی ژمارە (٢٧)ی ساڵی (٢٠٠٦) هاتووە دەکات و بەو نارازییانەدا دەچێتەوە کە پەیوەستن بە مافی خانەنشینی کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە هاتووەتە ئاراوە.

## بەشی دەیەم

## سزاکان و بێ بەشکردن لە مافەکانی خانەنشینی

**ماددەی ٧٢:**

پیاوی پۆلیسی خانەنشینکراو یان میراتگرەکەی سزا دەدرێت ئەگەر هاتوو سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایەی کرد بەپێی حوکمەکانی یاسای سزادان و دەستەی خانەنشینی نیشتمانی ئەرکی هەواڵدان و تۆمارکردنی سکاڵا و بەدواداچوونی دەگرێتە ئەستۆ.

**ماددەی ٧٣ :**

یەکەم/ پیاوی پۆلیس یان خانەنشینکراو بێ بەش دەکرێ لەسەرجەم مافەکانی باس کراو لەم یاسایە لە یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

أ – ئەگەر هاتوو خزمەتی وڵاتێکی بێگانەی کرد بەبێ ئەوەی لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە رێگەی پێ درابێت.

ب – ئەگەر پەیوەندیی کرد بە دوژمن.

ج – ئەگەر بەبڕیاری کۆتایی دادگا جێگیر بوو کە وەلائی بۆ عێراق نییە.

دووەم/ لەکاتی بێبەشکردنی پیاوی پۆلیس یاخود خانەنشین لە مووچەکەی، مووچەکەی دەدرێت بەو کەسانەی لە ئەستۆی ئەون لە کاتی گرتنی یان دەستبەسەرکردنی و لە کاتی چاوەڕوانی جێبەجێکردنی لە سێدارەدان و لەکاتی بەربوونی مووچەکەی بۆ دەگەڕێتەوە و لە کاتی مردنی مووچەکە بۆ میراتگرانی دەگەڕێتەوە.

**ماددەی ٧٤:**

یەکەم/ ئەگەر پیاوی پۆلیس راسپاردرا بۆ پۆستی وەزاری یان هەر راژەیەکی مەدەنی بە خانەنشین دادەنرێت مەگەر بەبڕیاری سەرۆکی وەزیران خانەنشینیەکەی رابگیرێت.

دووەم/ راژەی ئەو کەسەی خانەنشینییەکەی راگیراوە بەپێی بڕیاری بەندی (یەکەم) لەو ماددەیە خزمەتەکەی بەخزمەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەژمار دەکرێت.

**ماددەی ٧٥:**

ئەگەر هاتوو خانەنشینکراو گەڕێندراوە خزمەت پاداشتی خانەنشینیی لێ وەردەگیرێتەوە بەمەبەستی هەژمارکردنی خزمەتی داهاتووی بۆ سەر خزمەتی پێشتر و لێ سەندنەوەی لە رێکەوتی گەڕانەوەی دەبێ بۆ خزمەتیان بە قیستی مانگانە لە مووچەکەی دەبڕدرێ لە ماوەی (٥) سالّ و ئەگەر هاتوو لەکاتی خزمەتکردن مرد پێش دانەوەی هەموو پاداشتەکەی میراتگرەکانی لەو بڕە پارەیەی ماوە دەبەخشرێن.

## بەشی پازدەهەم

## بڕیارە گشتی و کۆتاییەکان

**ماددەی ٧٦:**

وەزارەت بۆی هەیە پیاوی پۆلیس بنێرێتە دەرەوە بۆ خوێندن و مۆڵەتی خوێندنی پێ بدات و بۆی هەیە دەرچووان دابمەزرێنێت یان گرێبەست ببەستێت لەگەڵ قوتابیانی عێراقی کە لە عێراق

دەخوێنن یاخود لە دەرەوە لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و مەرجەکانی ناردنە دەرەوە و دامەزراندن و گرێبەستەکان ماف و ئەرکەکانیان بەسیستمێك رێك دەخرێت.

**ماددەی ٧٧:**

وەزیر بۆی هەیە قەرەبووی پیاوی پۆلیس و فەرمانبەرە مەدەنییەکان بکاتەوە لەبەرامبەر تێکچوون و لەدەستچوونی ماڵی تایبەتی لەکاتی خزمەت یاخود بەهۆکاری خزمەت ئەویش لەسەر پێشنیاری لێژنەی لێکۆڵینەوە کە بۆ ئەم مەبەستە پێك دێت.

**ماددەی ٧٨:**

پیاوی پۆلیس پاداشتی دارایی وەردەگرێت لەبەرامبەر لە تاقیکردنەوەی لێهاتوویی دەیسەلمێنێت کە زمانێکی بیانی یان زیاتر دەزانێت و ئەو پاداشتەش بە رێنماییەك رێك دەخرێت کە وەزیر دەری دەکات.

**ماددەی ٧٩:**

یەکەم/ لە باجی دەرامەت دەبەخشرێت:

أ – دەرماڵەی خێزانی و دەرماڵەی خزمەتکردن و سەرجەم پاداشتەکان کە دەدرێنە پیاوی پۆلیس لە کاتی خزمەتکردن یان بەهۆیەوە.

ب – مافەکانی خانەنشینی بۆ خانەنشینکراو یان ئەوانە دەدرێنە میراتگرەکانی.

دووەم/ حوکمەکانی برگەی (ب) لەبەندی (یەکەم) لەم ماددەیە لەسەر خانەنشینان و میراتگرەکان کە پێش دەرچوونی ئە یاسایە شایستەن جێبەجێدەکرێت.

**ماددەی ٨٠:**

مەرجی لەش و لار و تەندروستی کە پێویستە لە ئافرەت لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەبێت بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێت، چ بەسیفەتی ئەفسەر بێت یان کارمەند.

**ماددەی ٨١ :**

یەکەم/ دەکرێت پیاوی پۆلیس پۆلیس (انتداب) بکرێت یاخود کۆتایی بە ئینتدابیان بێت بەبڕیاری وەزیر و بەپێی یاسا.

دووەم/ پیاوی پۆلیسی ئینتیدابکراو (منتدب) دەگرێتەوە بۆ خزمەت لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دوای تەواوبوونی ماوەی ئینتدابەکەی یان لە کاتی پێویست.

سێیەم/ ماوەی خزمەتکردنی ئینتیدابکراو لەدەرەوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەراژە ئەژمار دەکرێت.

چوارەم/ پیاوی پۆلیس ئینتیدابکراو سەرجەم بڕیارە گشتییەکانی ئینتدابی لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی ٨٢:**

فەرمانبەرانی مەدەنی لە وەزارەت بە جیاوازیی ناونیشانەکانیان و پلە وەزیفییەکانیان مامەڵەی پیاوی پۆلیسیان لەگەڵ دەکرێت لە جێبەجێکردنی بڕیارە تایبەتییەکان بەمردن لە کاتی خزمەت یان بەهۆکاری خزمەت و ڕێزلێنانی برینداران و شەهیدان کە لەم یاسایە باسی لێوە کراوە.

**ماددەی ٨٣:**

حوکمەکانی بەندی (٣) لە ماددەی (١٣) و بڕگەی (ب) لە بەندی (٧) لە ماددەی (٢١) لەم یاسایە لەسەر پیاوی پۆلیس جێبەجێدەکرێت کە لە پاڵەوانێتییەکی وەرزشی عەرەبی تا پلەی (دووەم) و ئاسیایی تا پلەی (چوارەم) و ئۆڵۆمپیاد و جیهانی تاپلەی (٦)ی بەدەست هێنابێت.

**ماددەی ٨٤:**

یەکەم/ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە بەشێك لە دەسەڵاتەکەی لەم یاسایە بداتە وەزیر.

دووەم/ وەزیر بۆی هەیە بەشێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بەپێی ئەم یاسایە بداتە جێگرەکانی یاخود بەڕێوەبەرە گشتییەکان کە نەبەستراون بە بریکاری وەزارەت جگە لەو دەسەڵاتانەی دراوەنەتە خۆی بەتایبەت.

**ماددەی ٨٥:**

مووچەی خانەنشینی بۆ پیاوانی پۆلیس بەپێی ماددەی (٤٤)ی ئەم یاسایە دیاری دەکرێت لەم حاڵەتانەی خوارەوە:—

یەکەم/ پیاوی پۆلیسی خانەنشینکراو پێش دەرچوونی ئەم یاسایە.

دووەم/ پیاوی پۆلیسی شەهیدکراو بەدەستی رژێمی پێشوو کە هیچ مافێکی خانەنشینیان نییە، میراتگری شەهید سەرپشك دەکرێت لەنێوان وەرگرتنی مووچە و مافە خانەنشینکراوەکانی کە لەم یاسایە باس کراوە یان مووچە و مافە خانەنشینکراوەکانی کە لە یاسای دەستەی شەهیدبووان ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی هەموار کراو یان هەر یاسایێکی تر هاتووە.

**ماددەی ٨٦:**

حوکمەکانی یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٦٠)ی هەموارکراو و یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧) ساڵی (٢٠٠٦)ی هەموارکراو و یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی سالی (٢٠٠٨) یان هەر یاسایەکی تر بێتە شوێنی جێبەجێ دەکرێن ئەگەر لەم یاسایەدا هیچ دەقێکی تایبەت بەم بابەتانە نەهاتبێت.

**ماددەی ٨٧:**

یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٧٨)ی هەموارکراو هەڵدەوەشێتەوە، و رێنماییەکان و پەیڕەوە ناوەخۆییەکانی دەرچوو بەپێی ئەم یاسایە کاری پێ دەکرێت ئەگەر دژ و رێگری ئەم یاسایە نابێت تا یاسایەکی تر جێگەی دەگرێتەوە یان هەموار دەکرێتەوە.

**ماددەی ٨٨:**

یەکەم/ دەکرێت سیستەم و پەیڕەوی ناوخۆ بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەم یاسایە دەربکرێت.

دووەم/ وەزیر بۆی هەیە رێنمایی دەربکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

**ماددەی ٨٩:**

ناکرێت هیچ بڕیارێك و فەرمانێك دەربچێت کە پیاوانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ناچار بکات لەسەر بەئەنجام گەیاندنی هەر کارێك پێچەوانەی ماددەی (٢) بێت لە دەستوور.

**ماددەی ٩٠:**

ئەو یاسایە لە ڕێکەوتی ٢٠١١/١/١ کاری پێ دەکرێت.

**هۆکاری دەرچوونی ئەم یاسایە :**

بەهۆی سروشتی کار و ئەرکی سپێردرا بە پیاوانی پۆلیس لە پاراستنی ئاسایش و چەسپاندنی یاسا و پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتیان و بەرگری لێ کردنیان لە رەوشی جۆراوجۆردا و بەرەنگاربوونەوەی تاوانباران و پێشێلکارانی ئاسایشی وڵات و رێگرتن لە ئەنجامدانی تاوان و تیرۆر و بەهۆی ئەو مەترسییانەی پیاوی پۆلیس لە راپەڕاندنی ئەرکی رۆژانەی رووبەڕووی دەبێتەوە، بەتایبەتیش لە دوای فراوانبوونی ئەرك و لێپرسراوێتیان و لە پێناو رێکخستنی راژەیان بەشێوەیەك کە لەگەڵ ئەو ئەرکانە بگونجێت و مەرج و تواناکان دیاری بکرێن کە پێویستن تێیاندا هەبێت و رێساکانی پلە بەرزکردنەوە و چۆنیەتی خانەنشینکردنی و پێدانی مافەکانی کە بتوانێت ئەرکەکەی بەجێ بگەیەنێت و ئەو لە پاشی بەجێدەمێنێ (میراتگر) لە دوای مردنی پارێزراوبێت و دەسەڵاتی پلە بەرزکردنەوە بۆ ئەو کەسانەی کارێکی قارەمانانە ئەنجام دەدەن و مەترسییەکی گەورە لادەدەن، پێویست بە رێکخستنی ئەوانە و ئاسانکردنی هاتنە ناو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بەهۆی ئەو رەوشە ئاسایش و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی نیشتمان پێیدا تێپەڕ دەبێت و لە پێناو دابینکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی گواستنەوەی دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ رۆلی پێسپێردراوی لە پاراستنی سیستمی گشتی کە لەگەڵ ماف مرۆڤ گونجاو بێت، ئەم یاسایە دانرا.